سەرۆک وەزیران خەڵاتی کەمەکی پاڵەوانی وەرزشی دەکات



سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی ئەوارەی ئەمڕۆ شەممە پێشوازی کرد لە کەمەکی پاڵەوانی وەرزشی کە 27 مەدالیای جیهانی بەرزکردنەوەی کێش لە سعودیە و خولی یاریەکانی ئاسیا لە چین لەگەڵ خولی یاریەکانی پارالیمپی ئاسیا-یان بەدەست هێنا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:"لە سەرەتای چاو پێکەوتنەکدا سودانی پیرۆزبایی لە وەرزشوانان و ستافی هاهێنان کرد بۆ ئەو دەستکەوتەی کە ناوی عێراقی بەرزکردەوە لە کۆبەندە وەرزشییە نێودەوڵەتییەکاندا و جەختی لەوە کردەوە کە سەرکەوتنیان سەرکەوتنێکە بۆ هەموو عێراقییەکان".

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران ئاماژەی بۆ کرد کە کەرتی وەرزشی لە یەکەم هێڵەوە لە پلان و بەرنامەکانی حکومەتدا ئامادەبووە، لەبەرئەوەی ئەمە دنیایین لە بوونی لێهاتوویی و بەهرەکان کە توانای پێشخستنی ناوی عێراقیان هەیە لە هێگەی وەرزشەوە کە تیایدا هەموو توخمەکانی هێز و سەرکەوتن لێخە دڵگرێت و جەختیشی کردەوە کە زنجیرەیەک بڕیار و هۆشۆن گیراوەتەبەر بۆ پشتیوانیکردنی لیژنەی

ئۆلمپی و فیدراسیۆنەکان و هەموو دەستپێشخەرییەکی پەیوەندیدار بە وەرزشەوە، جگە لە چارەسەرکردنی کێشە و ئاستەنگیە دارایی و یاساییەکان.

سودانی ئاماژەی بۆدا کە حکومەت جدیە لە پشتیوانیکردنی وەرزش و پشتیوانی دارایی هووننی تەرخانکردووە بۆ لیژنەی ئۆلمپی لە بودجەی سێ ساڵدا کە هیوادارین بە شێوەیەکی دروست وبەرهەنان بکرێت و جێختی لەوە کردەوە کە ئەو لێگە هەر دەستپێشخەرییەکدایە کە پشتگیری لە وەرزش بکات لە یاریە جەراوجەرەکانی تیم و تاکەکەسیدا.

هەروەها جێختی کردەوە لەسەر پێویستی دانانی پلان و ئامانج و بەرنامەکان بۆ بەدەستهێنانی مەدالیاکانی ئۆلمپیاد و لە هەمان کاتدا ستایشی ئەو دەستکەوتانەی کرد کە پاڵەوانەکانی لیژنەی پارالیمپیاد لە یاریەکانی ئاسیا بەدەستیان هێناوە و سەرچاوەی شانازیین.

سەرکەی ئەنجومەنی وەزیران، هەریەک لە وەزیری وەرزش و لاوان و ئاوەژکارانی سەرکەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ کاروباری وەرزشی ڕاسپارد پلانێک ئامادە بکەن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنانەی کە دەتوانرێت دەستکەوتیان تێدا بەدەست بهێنرێت، و بکرێتە ئامانجێک بۆ ئەوەی لە ماوەی دوو یان سێ ساڵدا کاری لەسەر بکرێت بۆ دروستکردنی پاڵەوانێک و جێختیشی کردەوە لەسەر ئەوەی کە چاکسازی لە کەرتی وەرزشیدا یەکەکە لە لایەنەکانی پشتیوانی و کەرتی تایبەت دەتوانێت بچێتە ناو پشتیوانیکردنی وەرزشەوە و پێویستە یانەکان و فیدراسیۆنەکان بەسەر بەربەستەکاندا زاڵبن و بەشداری بکەن لە بەرەوپێشبردنی وەرزشی عێراق.